کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-12-2006 14:37بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# دیکتاتۆر لە بەر دەم عەدالەتدا ... عەدالەت عومەر



ساتی خۆش وناخۆش لە ژیانی مرۆڤ زۆرن بەلام هێندێك كات و سات قەت لە بیر ناكرێن ئامادە بوون لە دادگایی كردنی دیكتاتۆری كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم و دار دەستەكەی سات و زەمەنێكە كە هیچ مرۆڤێكی ویژدان زیندوو لە بیری ناكات ئەو كەسەی كە بە فەرمانێك 5000 گۆلی لە هەڵەبجە هەڵوەراند سیاستی خاك سوتاندنی لە كوردستان پیرۆ كرد و 182000مرۆڤی بی سەر وشوین كرد ئیستا لە بەر دەم عەدالەت سەر شۆرانە دانیشتووەگوی لە مێژووی پەر لە شەرمەزاری خۆی دەگرێت. چەند خۆشە و لە بیرناچێتەوە ئەم وشانە (المتهم سەدام الحسین) بۆ دادگا بانگهیشت دەكرێت ئەمە لە گوێچكەكانم وەك خوشترین ئاواز و مۆسیقا دەچریكێتەوە هەموو ساتە ناخۆشەكان هەموو كارەساتە جەرگبرەكان هەموو بووكە ڕازاوە دەست بەخەنانەی كە (دێوەزمەی ئەنفال) خەوی خۆشی بوكینی لێ زڕاندن و نەیهێشت بچنە كەژاوەوە هەموو دایكە جگەر سوتاو و چاو بەفرمێسكانەی كەهەموو دەم چاوەڕێی جگەر گۆشەكانیانن، بەڵكو جارێكی تر لەئامێزی پڕ لەمیهرەبانی و خۆشەویستیان بگرنەوە، هەموو ئەو زارۆكانەی لەسۆزی باوك و دایك بێبەش بوون هەموو یان وەك پردەیەك لە سینما لەم چەند ساتە دا زۆر خێرا بە خیرایی رەشەبایكی توند هاتە بەر چاوەكانم رۆمەتم تەر ببوو بی ئەوەی من بمەوێت.

رۆژی 2006\12\7 بەرو دادگای سەدام دار و دەستەكەی بەریكەوتین لە كاتی چاوەروانی تا دەست پیكردنی دادگا ئەو كەسانەی بە حوكمی ئەوەی كارم لەگەڵیان كردەبوو پیشوازیكی گەرمیان لە من و هاورێكانم كرد هەستم بە حەسانەوەی ماندووبوونی رابردۆم كرد، دادگا دەستی پیكرد هەموومان بۆ رێز گرتن لە بەر دەم تەرازوی یاسا و عەدالەت و حاكم ساتێك وەستاین میوانان 15 كەس دەبووین لە قاتێك سەروتر لە دادگا دانیشتین ئەمە وای كرد متهمەكان لە ژێر پای ئیمەو رت بن و بچنە ناو قەفەسی تاوانباران تامان ووتی عەدالەت ئیستا نۆرەی علی حسن مجیدە من خۆم پیراناگیرێت ووتم تامان بە قووت بە هەر وەك لە زیندان وا بووی نابینی وا ئیستا هەموویان لە بەر دەم عەدالەت بی دەسەلات كەوتوون وپەلەقاژەی مەرگیانە، لە ناكاو دەنگی نرمین رایچلەكاندم ووتی ها گەیشتیە ئاواتەكەت. ووتم ئا بەڵام خۆزگە هەموو كەس كاری ئەنفالەكان لە دادگا ئامادە بان.

سەدام لە ناو یەكێك لە كۆشكەكانی خۆی دادگایی دەكرێت ئەو كۆشكەی سەردەمانێك حوكمرانی تیدا دەكرد فەرمانی كرینی چەك كوشتنی گەل و ویران كردنی ووڵاتی لەجیاتی ئاشتی و ئارامی وئاودان كردنەوە دەر دەكرد بە پیی ئامارێك (لەنێوان ساڵانی 1973-1978دا عێراق پارەیەكی ئێجگار زۆری بۆ كڕینی چەك خەرج كردووە هەرگیز بەگوێرەی زیاد بوونی رێژەی گەشەسەندنی تێكڕای داهاتی ناوخۆ نەبوە، بەهای چەككڕین لە 58 بلیۆن دینار لەساڵی 1973دا بۆ 205 بلیۆن دنیار لەساڵی 1978 زیادی كردوە ئەمەش رێژەی گەشەی ساڵانەی لە29% پێك دێنێت،

ئەم رۆژە د. زریان وەك یەكەم كەس شایدی لە سەر كیمیابارانی بالیسان دا پشتگیری وجەختی لە ووتەی شكاتكارەكانی دانیشتنەكانی پێشوو كرد بە تایبەتی باسی بۆنی سیری لە مادە كیمیاییەكە كرد باش بیرم دیت ئەوكاتە كە عبدالله عامری سەرۆكی دانیشتنەكانی دادگا بوو ئافرەتێكی خەڵكی

بالیسان باسی بۆنی سیری کرد لە رۆژی کیمیابارانەکە کە لە لایەن پارێزەرانی سەدام گاڵتەی پی کرا و و سەرۆکی دادگاش عبداللە عامری لە جیاتی هەر کارێك زەردەخەنە گرتی.

لە بەغدا لە ناوچەیەك بە ناوی گرینزۆن سەدام ودارو دەستەکەی دادگایی دەکرین هەمان جێگایەی کەگرۆپی لێکۆلینەوەی کوشکی سپی لە سەر عێراق راپۆرتەکەی بیکەر-هامیلتۆنی لی هینایە کایە هەر لەم کاتانەی کە سەدام و 6 لە دەست و پیوندەکەی لە سەر کەیسی ئەنفال داداگایی دەکران بیکەر – هاملتون بی ویژدانانە مەزلوومیەتی گەلی کوردیان تیدا رەچاو نەکرد بەڵام دیارە سیاسەتی کار بە دەستانی ئەمریکی لە بەرامبەر کورد هەر وەك کات و ساتی ئەنفال بی دەنگیە بەڵام هەر وەك چوون ئەمرۆ ویژدانی زیندووی عەدالەت بەرۆکی دیکتاتۆر سەدام حوسین ودار دەستەکەی گرتووە هەرواش لە داهاتوو بیکەر و هاملتۆن شەرمەزار دەکات.

عەدالەت عومەر
چالاك لە بواری ئەنفال
2006\12\9